# سارا تیسدەیل / ژنە شاعیری ئەمریکی

وەرگێرانی لە ئینگلیزی یەوە : ناڵە حەسەن



کورتەیەک لە ژیانی سارا :

سارا تیسدەیل ( Sara Teasdale ) : لە 8ی ئۆگستی 1884 لە شاری سان لویس St. Louis هەرێمی میزوری Missouriلە دایک بووە .

وە یەکێکە لە شاعیرە لیریکیەکانی ئەمریکی( بە شاعیری عەشق ناسراوە ) . زۆربەی ناوەرۆک و بابەتی شیعرەکانی سارا لە سەر ( عەشق , جوانی سروشت , مردن ) بووە . وە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا شیعرەکانی زۆر خۆشەویست بووە ,

لە ساڵی 1918 خەڵاتی شیعری لە زانکۆی کۆلۆبیا Columbia University) (Poetry Society Prize وەردەگرێ , کە تایبەتە بە خەڵاتی شاعیران . وە خەڵاتەکەش ساڵانەیە ولە سەر کۆمەڵە شیعری ( گۆرانیەکانی خۆشەویستی Songs ) Love بووە .ستایلی شیعرەکانی سارا لیریکی یە بە وێنە و تابلۆی گونجاو دەیان ڕازێنێتەوە و ڕوونیان دەکاتەوە . وە شیعری ( شەوی بەهار ) کە لە ساڵی 1915 دا نووسیویەتی یەکێکە لەو کۆمەڵە شیعرەی .

ژیانی منداڵی سارا پڕ ئێش و ژان و موعانات بووە بە دەستی نەخۆشییەوە .تا تەمەنی نۆ ساڵی نەیتوانیوە بچێتە قوتابخانە .پاشان لەو تەمەنەدا دەچێتە قوتابخانەیەکی تایبەت بە منداڵان A Private School for Children کە نزیکی ماڵەوەی خۆیان دەبێت . لە ساڵی 1898 دەچێتە ( پەیمانگای مێری ) چەنج ساڵێک بە دوای یەکدا بەردەوام دەبێت ماوەیەکیش لە ( ئینهۆزمێر هۆل ) تا لە ساڵی 1903 خوێندن تەواو دەکات . لەو کاتەدا سارا گاریگەری ئەمانەی بە سەرەوە دەبێت : کچە ئەکتەرێك بە ناوی ( دووس Duse ) کە هەرگیز لە کاتی نواندندا نەی بینیبوو وە هەر نەشی بینی . وە هەروەها شاعیری بەریتانی ( کریستینا رۆزێتی Christina Rosseti ) وە چەندین جار سەفەر کردن بۆ ئەوروپا لە سەرەتاکانی ساڵی 1905. سارا لە ساڵی 1913 دەرگیری عەشقی دوو موعجەب بە خۆی دەبێت , کە یەکێکیان ڤاشێل لیندسەی Vachel Lindsay شاعیرە . ڤاشێل عەشقی سارا دەبێت , عەشقەکەشی بۆی دەردەبرێ لە ڕێگەی ئەو نامە درێژە دڵدارییە دڵرفێنییە کە بۆی دەنێرێ و وە داواشی لێ دەکات کە شووی پێبکات . هەرچەندە ساراش زۆر بە قوڵی هەستی خۆشەویستی بۆی هەبوو وە دڵی بۆی دەبزوا , بەڵام داواکەی ڕەت دەکاتەوە و بریار بۆ دووەمینیان دەدات ئیرنست فلیسنگەری بزنزمان . لە ساڵی 1914 شوو بە ئیرنست دەکات و ژیانی هاوسەرێتی لە لەگەڵ ئەودا پێکدەهێنێ . دوای چەند ساڵێك دەگوازنەوە بۆ شاری نیۆرك وە هەموو ژیانی لەو شارەدا بەسەر دەبات .

ڤاشێلی شاعیریش وەك هاورێیەکی خۆشەویست و نزیك لێ ی لە ژیانیدا دەمێنێتەوە . سارا کاریکەری زۆری بەسەر ڤاشێلەوە دەبێت , تا لە ئاکامی ئەم کاریگەرییەدا ئیلهامی ئەوەی پێ دەبەخشێ کە جوانتۆین شیعر بنووسێ بە ناوی Chinese Nightingale ,

سارا بەشێوەیەکی ڕێك و پێك و سەرکەوتووانە لە لایەن ماڵەوەی پەروەردە دەکرێ , لە گەڵ ئەوەشدا هەرگیز نەیتوانیوە واقیعیەتی ژیانی خۆی و هەست و نەستەکانی قوڵایی دەروونی خۆی لە شیعرەکانی دەربڕێ . سارا لە ژیانی هاوسەرێتیەکەی بەختەوەر نابێت لە ساڵی 1929 لە ئیرنست جیا دەبێتەوە . بە دوای ئەم تەمەنەدا باری تەندروستی زۆر بەرەو خراپی دەڕوات , تا لە بەیانی 29 ی بەفرانباری 1933 لە ئەپارتمانەکەی خۆی لە نیۆرك کە زیاد لە پێویست حەبی خەو دەخوات لە حەمامێکی گەرمدا خەوی لێ دەکەوێ و بۆ هەتا هەتایە خەبەری نابێتەوە .

دوا شیعرەکانی یاخود وەك هەندێك دەڵێن هەڵبژاردەیەك لە باشترین شیعرەکانی هەر لەو ساڵەدا بە چاپ دەگەیەنرێ .

ئەمەی خوارەوەش چەند نموونەیەکە لە شیعرەکانی سارا تیسدەیل :

**لە شەودا**

مانگ بۆ گوڵە زەردەکان دەنووشتێتەوە

ئاسمانیش هێشتا هەر شینە

مانگ بۆ ئاسمان دروست بووە کە بیگرێتە خۆی



وە منیش بۆ تۆ
مانگ گوڵێکە بەبێ هەڵم
ئاسمانیش ڕۆشنایی
ئەبەدیەت بۆ ئەوان دروست بووە
شەویش بۆ ئێمە

## ناشتنی عەشق

من هاتووم عەشق بنێژم
لە ژێر دارێك
لە دارستانێکی درێژ و ڕەش
کەس نەتوانێ بیبینێ
من دەبووایە نە گوڵ لەلای سەری و
نە بەردیش لە لای پێیەکانی دابنێم
بۆ دەمیشی من زۆرم خۆش دەویست
شیرینیەکی تاڵ بوو
وا چاکترە من چیتر نەچمە سەر گۆڕەکەی
بۆ تابووتێکی سارد و سر
من پێویستە هێندەی دەستەکانم دەیان گرێ
خۆشی وشادی کۆکەمەوە .

## با

با بۆ نێو ڕۆحمەوە هەڵ دەکا
بە درێژایی شەو گوێم لێبوو دەگریا
لە باکوردا ئارامی بۆ من نیە
جگە لەوەی لەگەڵ تۆ دام
لەبەر ئەوەی , با منی کردووە بە کەسێکی ژێر
کە لە نێو ڕۆحی ڕوتمەوە هەڵدەکا
لە باکوردا ئارامی بۆ من نیە
جگە لەوەی لەگەڵ تۆ دام .

## ساڵەکان

لە شەودا چاو دادەخەم و دەبینم
کاروانێکی نامۆ بەلام دا تێدەپەڕێ
ئەو ساڵانەی بەرلەوەی ڕوخساری تۆ ببینم
ڕۆیشتن لەگەڵ دڵتەنگیەکی سووکەڵەدا
تێپەڕین , ساڵەکان هەستیار و شەرمن بوون
وەك یەکێك هەوڵ بدا بۆ سەما , نیوە کوێر و بەفرمێسکەوە
ساڵەکان ڕۆیشتن , هەرگیز نەیاندەزانی
کە هەر یەکێکیان لە تۆم زیاتر نزیك دەکەنەوە

ڕێگاکەش تەسک و پچڕ پچڕ بوو
ئێستا ، ڕێم نیشان بدە بەرەو دڵت
ئاخ ، ساڵەکان هەستیار و شەرمن بوون
ئاخ ساڵەکان تەنیا بوون .
هەوڵیان دەدا گۆرانی بڵێن بە دەنگێکی
نوقم بوو لە فرمێسک .

## ماچ

من بە ئومێد بووم خۆشی ویستبام
دەمی ماچ کردبام
بەلاّم من وەك باڵندەیەکی بریندار وام
کە نەتوانیّ بگاتەوە باشوور
بۆیە من دەزانم خۆشمی دەویّ
کە لە شەودا دڵم تەنگە
ماچەکەی ئەو هێندە سەراسیمە نەبوو
وەك ئەو خەونانەی کە من هەمبوون .

## دڵم پڕە

دڵم پڕە بە چەند گۆرانییەك
وەك ئەو میوە پێگەییوانەی لە دار بەردەبنەوە
بەلاّم من هەرگیز ناتوانم یەکێکیانت پیّ بدەم
گۆرانیەکانم هی خۆم نین
ئێستا ئێوارەیە ودەمی زەردەپەرە
کاتێك پەپوولەکان دێن و دەڕۆن
لەو کاتژمێرە خۆلەمێشییەی کە میوەکان هەڵدەوەرن
یەکێکیان بەرە و کەس پێی نازانیّ ... !

سەرچاوەکان :

- The Collected
Poems of
Sara Teasdale
Buccaneer Books
Cutchogue, New York

- Internet

American List of Poets _ Currently 119 different authors listed